# سأشرب حتى أخر قطره من بطلى

حەمەسەعید حەسەن

ڕۆژی نۆی ئەم ئابە، موقتەدای سەدر، کە وابەستەی قانوونی غابە،‹١› گوتی: (سأحارب حتى أخر قطره من دمی،) وەلێ بە پێی زانیارییەکانی من، کەس ناتوانێت تا ‹دوا دڵۆپەی خوێنی شەڕ بکات،› ئاخر ئینسان  کە هەر شەش حەوت لیترێک خوێنی تێدایە، هەر کە دوو سێ لیتر خوێنی لەبەر ڕۆییشت، لە هۆش خۆی دەچێت و ئیدی شەڕی پێ ناکرێت. باشتر وایە جارێکی دیکە ئەگەر حەزی لە زێدەڕۆییکردن بوو، بڵێت: (سأحارب حتى اخر طلقه من عتادی.)‹٢› ئەگەر مۆڵەتم بدات، منیش لەژێر کاریگەرێتیی ئەو فەرموودەیەی ئەودا دەڵێم: (سأشرب حتى أخر قطره من بطلى.)‹٣› فشەچی لە هەولێر بە مانای قۆشمەچی دێت، هەموو فشەچییەک ترسنۆک نییە، وەلێ هەموو ترسنۆکێک، فشەکەرە، سەددامیش کە ‹قدوە›ی‹٤› موقتەدایە، پێش نۆی ئەپریلی ٢٠٠٣ دەیگوت، کۆڵان بە کۆڵان و ماڵ بە ماڵ داکۆکی لە پایتەخت دەکەین، کەچی پێش ئەوەی مارینز بگاتە باغی داد، لەشکری ئەنفال هەڵوەشایەوە و سەرۆکی نەتەوەییش لە قووڵترین (سەنگەر)دا خۆی حەشار دا!

*

وەک چۆن ئەدەبی ناماقووڵ، هەرزەگۆیی و ناماقووڵیکردن نییە، ئەدەبی گاڵتەجاڕیش، شۆخیکردن نییە و باڵای کۆمیدیا لە بەژنی  تراجیدیا نزمتر نییە،  ئەوە نەبوو، ‹داریۆ فۆ› لەبەر نووسینی ئەدەبی گاڵتەجاڕی، نۆبێڵی پێ بەخشرا؟  بریا قۆشمەچییە خوێنتاڵەکان، بەم ‹ئەلف›ە لە مەبەستم حاڵی دەبوون، ئاخر هەرچی بکەن، ناتوانن، ناچاری گوتنی ‹بێ›م بکەن، چونکە من لە ناچارییەوە شت ناڵێم. خوێنەرانم، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی یەکێک لەو قۆشمەچییە خوێنتاڵانەیان لە ڕستەیەکی مندا بینییەوە، مافی ڕەوای خۆیانە، هەر دە پەنجەم ببڕنەوە.

تۆ کە دەنووسیت، پێویستە هیچ نەبێت:

* شارەزای ئەو زمانە بیت کە پێی دەنووسیت.

* نووسینەکەت پەیامێکی پێ بێت.

* خوێنەر چێژ لە نووسینەکەت ببینێت.

ئەگەر نا تۆ نووسەر نیت، لە باشترین حاڵەتدا، قۆشمەچییەکی خوێنتاڵیت.

*

کە گومناوێک بە نامەیەکی کراوە ئامۆژگاریی سەرانی پارتییە کوردییەکان دەکات، کە قۆشمەچییەکی

خوێنتاڵ ڕێگەی خەبات نیشانی گەلەکەم دەدات، کە کۆنەبەعسییەک لافی دڵسۆزیی بۆ خاکی کوردستان لێ دەدات، نازانم پێ بکەنم یان بگریم!

*

لەو ئەزموونە هەمیشە ساوایەی ئێمەوە، سوێدییەکان زۆر دەرسیان وەرگرتووە، یەکێکیان ئەوەیە، پیرەپیاوەکانیان، فێری هێنانی جوانەژن بوون و ئەوە ماوەیەکە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی پاشای سوێدیش، کە سەری تەمەنیان خۆی لە هەوری شەست دەسوێت، خەریکی هێنانی ژنی جحێڵن. ئەم دیاردەیە شاژنی سوێدی تەواو نیگەران کردووە، ئاخر مێردە کەمئاوەزەکەی ئەویش، حەزی لە ژنی کەمتەمەنە و زوو زووش دەڵێت: ژنی گەنج شەماڵێکە، ژیلەمۆی خۆشەویستی دەگەشێنێتەوە.

*

لە عێراق ئەو کارمەندەی بیست و پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت، دەتوانێت خۆی خانەنشین بکات و هیچ مافێکیشی لە کیس نەچێت. لە ٢٠٠٤/٧/٢٤دا پەرلەمانی کوردستان، یاسای خانەنشینکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی هەموار کرد. پەرلەمان چ گۆڕانکارییەکی لە یاسا کۆنەکەدا کردووە، ئەوە ئیشی من نییە و خۆی چونکە (دەسەڵاتدار)ترین دەزگای کوردستانە، سەرپشکە، وەلێ من پێشنیارێکم هەیە، دەڵێم، ئەندامانی پەرلەمان ئەوە دوازدە ساڵ زێترە، ئەندامی پەرلەمانن، توو خوا با یەکجاری ئەوەندەی تریش هەر پەرلەمانتار بن، بۆ ئەوەی بیست و پێنج ساڵەکە قەپات بکەن و هیچ مافێکیان نەفەوتێت، چونکە ئەوانیش گوناحن. توو خوا با کەس نەڵێت، بیست و پێنج ساڵ چارەکە سەدەیەکە، بڕوا بکەن، پێچی مێزەرێکە.

2004. 08. 14

(١) یاسای جەنگەڵ.

(٢) تا دوا فیشەکی هەموو چەکەکانم شەڕ دەکەم.

(٣) تا دوا دڵۆپی شووشەکەم دەخۆمەوە.

(٤) نموونەی باڵا.